# د. محەمەد کەمال و داهێنان، زمان و گەشەی هزری

سۆران ئازاد

بابەتێکم لە کتێبی (نیشتیمانی فەلسەفە)، کە لەبارەی کارەکانی د. محەمەد کەمال-ەوەیە.

ئامادەکردنی هەرێم عوسمان

ئەگەر بە گوێرەی بۆچوونەکەی (د. محەمەد کەمال) بێت، داهێنان خۆی یەکێکە لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی بوون. دەڵێم (بۆچوون concept -چونکە محەمەد کەمال دەستی بۆ دەرکەوتەیەکی هەستپێکراوی مێژوویی بردووە، ئەویش چەمکی داهێنانە. بە بڕوای جیل دۆلۆز فەیلەسووف کەسێکە بۆچوونی نوێ دادەهێنێت. ئەوەی لە چالاکی و بواری فیکریی ڕۆشنبیریی ئێمەدا هەستی پێ دەکرێت، دانەهێنانی کۆنسێپتە. چۆن دەتوانین بە (ئیدوارد سەعید) بڵێین فەیلەسووف؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەمان پێناسەکەی جیل دۆلۆز بۆ فەیلەسووف. (ئیدوارد سەعید) فەیلەسووفە، چونکە چەمکێکی نوێی داهێناوە، ئەویش کۆنسێپتی (ڕۆژهەڵاتناسیorientalism - (ە. بۆیە ئیشکردن لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی، بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەو کۆنسێپتە، ڕەنگە ئیشکردنێکی ناتەواو دەربچێت، چونکە ئەگەر بە مەبەستی تێپەڕاندنیش بێت، پێویستیمان بۆ گەڕانەوەی هەیە. ئەوە نموونەیەکە لە داهێنانی کۆنسێپتی تازە. د. محەمەد کەمال بۆ یەکەمجار لە کتێبی (بوون و داهێنان)دا بەر ئەو بۆچوونەمان دەخات، کە داهێنان پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە. دیارە بۆ ئەوەی (داهێنان - creativityببێتە کۆنسێپتێکی سەربەخۆ، پێویستی بە ئیشکردنی زیاتر هەیە، چونکە د. محەمەد کەمال لە روانگەیەکی بوونگەرایانەوە ئەو بۆچوونە فەلسەفییەی دامەزراندووە. ئەگەر بۆ دەرکەوتە مێژوویەکانیش بگەڕێینەوە، داهێنان بەڵگەیەکەی سەرەکییە بۆ بوون. ئێمە لە ڕێگەی داهێنانەوە، دەزانین مرۆڤگەلێک بەر لە ئێمە ژیاون، چونکە شوێنپەنجەیان لەسەر دیاردەکانی ئەو جیهانەدا جێ هێشتووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ داستانی (گڵگامێش)، پاش گەڕانێکی زۆر بە دوای نەمریدا، گڵگامێش دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی مرۆڤ نەمر دەکات کردنی کاری چاکەیە، ڕاستتر بڵێین داهێنانە، چونکە مەبەستی گڵگامێش ئەوەیە، مرۆڤ شتێک بکات لە پاش خۆیەوە باس بکرێت و بزاندرێت، کە هەبووە، ئەویش هەر داهێنانە. کەواتە لێرەدا داهێنان بەڵگەیە بۆ بوون، سەلماندنی بوونی ئەوانی پێش خۆمان، تەنیا لە ڕێگەی داهێنان و شوێنپەنجەکانیانەوە دەکرێت. د. محەمەد کەمال لە زمانی ئینگلیزییدا زاراوەی creativity بۆ داهێنان بە کار هێناوە، کە ئێمە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەیinvention مان هەیە، بەڵام بۆ ئەو مەبەستەی ئەو، زاراوەی (creativity دروسترە، چونکە زاراوەی creativity ناوی کاریcreate) ە، کە بە مانای دروستکردن دێت. کەواتە داهێنان واتە توانای دروستکردنی شتێکی نوێ. لە کۆنتێکستی مەبەستەکەی ئەودا، داهێنان واتە دروستکردنێکی ئۆنتۆلۆجیانە. هەرچی زاراوەیinvention ە، زیاتر بۆ دروستکردن یان داهێنانی شتێکی نوێ دێت. لێرەدا بوون وەک شت مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو خاوەنی تایبەتمەندیی ئۆنتۆلۆجیی خۆیەتی .

توانای هەر نووسەرێک، لە جوڵاندن و کارپێکردنی زماندا دەناسرێتەوە. یەکێک لەو بیانووانەی نووسەرانی کورد هەیانە ئەوەیە، کە زمانی کوردی لە ئاست خەیاڵ و هزرە گەورەکانیاندا نییە! بەڵام هیچ فیکرێکی گەورە بەبێ زمانێکی گەورە بوونی نییە. نووسەر ئەگەر نەتوانێت داهێنان لە زماندا بکات، واتە هزر و خەیاڵی خۆی داهێنەرانە نییە! نەک ئەوەی زمانی کوردی خۆی دەوڵەمەند نەبێت. چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا هیچ زمانێکی دەوڵەمەند یان هەژارمان نییە، بەڵکو ئەوە هێزی فیکرە دەتوانێت زمان دەوڵەمەند بکات. زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی دیکەی دنیا پێویستی بەوەیە کاری تێدا بکرێت، ئەوە مانای ئەوە نییە کە توانای بەرجەستەکردنی هزری گەورە و خەیاڵی قووڵی نییە. د. محەمەد کەمال بەر لە هەرشتێک داهێنانی لە زمانی خۆیدا کردووە، بە زمانی کوردیشەوە. ئەگەر زمانی کوردی لە ئاست فیکری گەورەدا نەبێت، ئەی چۆن ئەمڕۆ ئێمە کتێبی (بوون و نەبوون)ی ژان پۆل سارتەر و (بوون و کات)ی مارتین هایدیگەرمان بە کوردی هەیە، کە ئەو دوو بەرهەمە لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆشیاندا، خاوەن قورسایی و ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆیانن، چونکە زمانی ئەو دوو بەرهەمە، لە زمانی باو دابڕانی هێنایە کایەوە، یەکەمیان لە زمانی فرەنسی و دووەمیشیان لە زمانی ئەڵمانی. ئەو هاوکێشەیە بۆ وەرگێرانەکانیشیان بۆ زمانی ئینگلیزی هەر گونجاوە. کەواتە ئەوە زمانی کوردی نییە، کە لە ئاست فیکرە گەورەکانماندا نییە، بەڵکو ئەوە فیکرەکانمانن توانای داهێنانیان نییە! بەڵام بەر لە هەر شتێک، د. محەمەد کەمال ساڵانێکە ئێش لە داهێنانی ئەو زمانە دەکات. لە وەرگێڕانەکانی ئەودا، ئێمە ڕووبەڕووی دوو زمان دەبینەوە، یەکەمیان زمانی تێکستەکە خۆیەتی، دووەمیان ئەو زمانەی محەمەد کەمال ئیشی تێدا دەکات. زمانی کوردی بە هۆی بەرهەمەکانی محەمەد کەمالەوە، تەکانێکی فەلسەفیی بە خۆیەوە بینی. هزر چییە و لە کوێوە دێت؟ ئایا هزر تەنیا چالاکییەکەی زمانەوانی نییە؟ لێرەدا دەکەوینە بەردەم بۆچوونی جیاواز، بەڵام لە بابەتی گەیاندندا، تا ڕادەیەک باسەکە هاوسەنگە. وەک ئەنیشتاین ئاماژەی پێ دەدات، ئەوەی نەتوانێت شتێک بە سادەیی دەربڕێت، مانای وایە بە قووڵی لێی تێنەگیشتووە. زمانی د. محەمەد کەمال لە قووڵاییەوە سادەیە. زمانێک نییە ئاڵۆز بێت، بۆ ئەوەی، کە خوێنەر لێی تێنەگات، هەست بکات کەموکورتییەکە لە تێگەیشتنی خۆیەتی، نەک نووسینەکە. وەک ئەزموونی خۆم، یەکەمین کتێبی فەلسەفی، کە خوێندمەوە، کتێبی (بوون و داهێنان) بوو، ئەو کات تەمەنم 12 ساڵ بوو، بەڵام ئێستایش لە بیرمە، کە بۆ یەکەمجار بەر بابەتی (مردن) کەوتم، تا تەواوم نەکرد، نەمتوانی هەڵبستم. ئەگەرچی کتێبی (بوون و داهێنان) یەکێکە لە قووڵترین ئەو تێکستە فەلسەفیانەی، کە بە زمانی کوردی نووسراوە. کەواتە ئەوەی ئاڵۆز و ناڕۆشنە، مانای ئەوە نییە، کە تەواو فەلسەفەییە و نابێت خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات. ئەمڕۆ چەندین نموونەمان هەن، یەکێک لەوانە (سلاڤۆی ژیژێک)ە. ژیژێک کە باسی کۆمپانیای کۆکا کۆلایش دەکات، چەندین ڕەهەندی گرنگی ژیانی ئەمڕۆمان دەخاتە ژێر پرسیار. بە زمانێکی سادە و فیکرێکی قووڵ.

لەو وەرگێڕاندا ئێمە دەکەوینە بەردەم دوو زمان، یەکەمیان، زمانی تێکستەکەیە. دووەمیان، زمانی وەرگێڕانە. گرنگی وەرگێڕانی کتێبی (بوون و کات)ی (مارتین هایدیگەر) لە چی دایە؟ (جۆن ماکواری) و (ئیدوارد رۆبسن) سەرەڕای ئەوەی ئاماژەیان بەوە داوە، کە ئەو کتێبە بەرگری دەکات لە وەرگێڕان، ساڵی 1962 کتێبەکەی هایدیگەریان بە زمانی ئینگلیزی بە چاپ گەیاند. بە بڕوای ئەوان وەرگێڕانی کتێبی بوون و کات بۆ زمانی ئینگلیزی گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بەشێکە لە پرۆسێسی دەوڵەمەندکردنی زمان. ئەگەر سەرنج بدەین، لە ڕووی دەوڵەمەندی و هەژارییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان زمانەکاندا نابینین، بەڵکو جیاوازی لە هێزی جووڵاندنی ئەو زمانانە دایە. لە زماندا ئێمە لە بەردەم دال و مەدلوولداین، کە یەکەمیان، لایەنی وشە یان ئایکۆن دەگرێتەوە و ئەوی تریشیان

لایەنی خەیاڵ. جیاوازیی نێوان زمانەکان بریتییە لە جیاوازیی نێوان دالەکان. ڕەنگە زمانێک لە زمانێکی تر زیاتر خاوەن دال بێت بۆ گەیشتن بە مەدلوول، بەڵام لە بنچینەدا، هەموو هەوڵەکان بۆ گەیشتنن بە مەدلوول. ئەوەی وا دەکات ئاستی زمانێک قووڵتر و دەوڵەمەندتر بێت، جووڵاندن و دەوڵەمەندکردنی دالەکانە بۆ نزیکبوونەوە لە مەدلوول. کتێبی بوون و کات تەکانێک بوو لە جووڵاندنی زمانی ئەڵمانی بۆ گوزارشتکردن. وەرگێڕانی ئەو کتێبە بۆ زمانی کوردی، نە تەنیا بە کوردیکردنی بۆچوونەکانی هایدیگەرە، بەڵکو گواستنەوەی ئەو تەکانەیشە بۆ زمانی کوردی. بەڵام با بزانین ئەو وەرگێڕانە کوردییە چەندە لە مەبەستەکانی هایدیگەرەوە نزیکە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستە بڵێین ئێمە هەم لە بەردەم زمانی تێکستەکە، چ ئینگلیزی بێت، یان ئەڵمانی، هەم لە بەردەم زمانی وەرگێڕانەکەیشداین. ئەو زمانە کوردییەی تێکستەکەی پێ وەرگێڕدراوە، زادەی ئەو هەوڵانەیە، کە محەمەد کەمال لەو چەند ساڵەی دوایدا داویەتی. محەمەد کەمال ساڵانێکە ئیش لە داهێنانی زمانێکی نوێدا دەکات بۆ گوزارشتکردن لە کۆنسێپتە فەلسەفییەکان. تێپەڕاندنی ئاستی زمانی ڕۆژانەیی، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ناسینەوەی بەرهەمەکانی ئەو، بەوەی زمانی نووسینی ئەو دوورە لە ئاستی زمانی ڕۆژانەیی، بەڵکو لە شوێنی ئەوەدا، بەر زمانێکی فەلسەفی دەکەوین. لە وەرگێڕاندا، دەشێت ئەو خوێنەرانەی ئەو کتێبەیان بە زمانی ئینگلیزی یان ئەڵمانی خوێندووەتەوە، کێشەیان لەگەڵ کارلێککردنInteractionدا هەبێت. واتە پێشووتر ئینتەرئەکشنی خوێنەرەکان لەگەڵ ئەو کتێبە بە زمانی ئەڵمانی یان ئینگلیزیدا بووە. جگە لەوەی هەر وەرگێڕێک بە گوێرەی خوێندنەوەی خۆی Self - impression مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕاندا دەکات. وەرگێڕانە کوردییەکە، کێشەی لەگەڵ گەیاندنی بۆچوونەکاندا نییە، بەڵکو پێم وایە ئەگەر کێشەیەکی هەبێت، ئەوا پێوەندیی بە کارلێککردنەوە هەیە لەگەڵ ئەو زمانە کوردییەی، کە د. محەمەد کەمال دایهێناوە، ئەویش پێوەندیی بە تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەییەوە هەیە، چونکە ناتوانرێت بەو زمانە ڕۆژانەییە ئەو بۆچوونانە بگەیەندرێن. هزر واتە زمان، کاتێک بەر زمانێکی جیاواز دەکەویت، واتە لە بەردەم فیکرێکی جیاوازداین. زۆرێک پێیان وایە زمان تەنیا هۆکارێکە بۆ گەیاندن. پێم وایە ئەو بۆچوونە جۆرێکە لە ڕەوایەتدان بە زمانی ڕۆژانەییان، بەوەی نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی فیکرێکی جیاواز. کێشەکانی زمانی کوردی بەشێکی زۆری پێوەندییان بە تێنەپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەییەوە هەیە، چونکە کۆمەڵێک ئەزموونی کەم نەبێت، ئەگینا نووسەرانی ئێمە نەیانتوانیوە دابڕان لەگەڵ ئاستی زمانی ڕۆژانەییدا دروست بکەن. لە کاتێکدا هەرچەند زمانی نووسینیش جیاوازتر بێت، ئەو جیاوازیە دەبێتە گۆڕان لە زمانی ڕۆژانەییشدا. یەکێک لە کێشەکانی زمانی ئێمە ئەوەیە، کە کەمترین تەکانی بە خۆیەوە بینیوە. گرنگیی ئەو تەکانە هزرییە خۆی هەم لە گۆڕانی بیرکردنەوە، هەم لە گۆڕانی کەلتووریدا دەبینێتەوە. ئەو کەلتوورانەی خاوەنی بونیادی بەهێزن، ئەو کەلتوورانەن، کە زمان تێیاندا هەمیشە لە نوێبوونەوە و گەشەکردندایە. ئێمە چەند ئەزموونێکی کەممان لەو تەکانە کەلتوورییەدا هەن، کە لە ڕێگەی زمانەوە دەستمان خستبێت. لە فەلسەفەدا محەمەد کەمال خاوەنی ئەو تەکانە فەلسەفییەیە لە زمانی کوردییدا. ئەدەبی ئێستای کوردییش چەند هەوڵێکی هاوشێوەی لە خۆ گرتووە بۆ ئیشکردن لە زمانێکی نوێدا. بۆ نموونە زمانی (شێرکۆ بێکەس) بە ئاسانی دابڕانی لەگەڵ زمانی ڕۆژانەیی و ئەوانی تردا دروست کرد. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا ئێمە لە ئەزموونی ئەدەبیی (کاروان کاکەسوور)ەوە ڕووبەڕووی هەمان دابڕان دەبینەوە، تا ڕادەیەک تایبەتمەندیی زمانی ئەدەبی (کاروان) ئەوەیە، کە هیچ لە ئەوانی دیکە ناچێت. داهێنەر شوناسی خۆی لە تێپەڕاندنەوە وەردەگرێت، بۆیە قووڵبوونەوە و ئیشکردنێکی فەلسەفییانە لە زماندا پێشمەرجە بۆ داهێنان. نووسەرێکی وەکو د.

محەمەد کەمال لە دەربڕیندا تەواو دابڕانی لەگەڵ زمانی پێش خۆی دروست کردووە، هەر لەبەر ئەوەیە زمانی فەلسەفیی کوردی لە دوای هەوڵەکانی د. محەمەد کەمالەوە چیتر لەو ئاستەی پێشووتری نامێنێتەوە، بەوەی زۆرێک پێیان وایە لە ئاست دەربڕینە فەلسەفییەکاندا نییە .

زۆرێک لە نووسەرەکان، نە تەنیا کێشەیان لە دەربڕینی بۆچوونەکانیاندا هەیە، بەڵکو کێشەیان لە تێگەیشتنی کۆنسێپتەکانیشدا هەیە. بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئێمە، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی تێگەیشتنێکی قووڵ. بەبێ ئەو تێگەیشتنە قووڵە، چۆن دەتوانرێت ببنە خاوەنی خستەنەسەری مەعریفی؟

نووسینەکانی محەمەد کەمال خاوەنی سترەکچەری ئەکادیمین. لە نێوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بە هەڵە تێگەیشتن لەبارەی نووسینی ئەکادیمییەوە هەیە، بەو بیانوویەی گوایە نووسەر ناتوانێت تەواو ئازاد بێت! پێم وایە ئەو هەڵە تێگەیشتنە لە خوێندنەوەی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانکۆکانی کوردستانەوە هاتووە، کە بە ناوی ئەکادیمییەوە نووسراون. بەشێکی زۆری توێژینەوەی زانکۆکانی کوردستان دوورن لە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەکادیمی. یەکێک لە خەسڵەتەکانی نووسینی ئەکادیمی ئەوەیە، کە دەبێت نووسینەکە خاوەنی بونیاد structureبێت. واتە ناکرێت نووسەر باسی شتێک بکات و وردەکاری detailsو هۆی لۆگیکی Logical reason نەدات بە دەستەوە. خەسڵەتێکی تری نووسینی ئەکادیمی و زانستی ئەوەیە، کە نووسەر ناتوانێت بە ڕەهایانەabsolutely بنووسێت. بەشێکی زۆری نووسەرانی ئێمە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان حوکمی ڕەها بدەن، بەو پێەی پێیان وایە گەیشتوون بە حەقیقەتی ڕەها! نووسینی ئەکادیمی پێویستی بە وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی زیاترە. نووسینەکانی محەمەد کەمال خاوەنی ئەو بونیادە زانستیەن، کە ئێمە بە وردی دەتوانین بزانین، کە نووسەر مەبەستی چییە و چۆن لەو بابەتە دەڕوانێت، نەک بەردەوام لە شتێکەوە باز بدات بۆ شتێکی تر بە بێ وردەکاریی زانستی. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هەر کەسێک لە زانکۆ نەیخوێند، ناتوانێت ئەکادیمیانە بنووسێت، بەڵکو نووسینی ئەکادیمی پێوەندیی بە کۆمەڵێک پرەنسیپەوە هەیە، کە زۆرجار لەنێو زانکۆکانی جیهانییشدا پێڕەو ناکرێن. لە کاتێکدا یەکەمین سیستەمی فەلسەفی بووە هۆی دامەزراندنی ئەکادیمیا.

د. محەمەد کەمال بە بێدەنگی سەرقاڵی داهێنانە. ئەوەی وای کردووە ئەو نەبێتە نووسەرێکی ڕووکەش و لە ئاستی میللیدا دەرنەکەوێت، بەشێکی زۆری بۆ ئەو بێدەنگییە دەگەڕێتەوە. بێدەنگیی ئەو جۆرێکە لە داهێنانی دەنگی جیاواز، بەوەی دەنگ لە پرۆسێسی دەربڕینی ئۆراڵەوە دەێتە پرۆسێسی نووسین، کە لە خۆیدا جیاوازی بەرهەم دەهێنێت. ئەمڕۆ زمانی ئێمە پێویستی زۆری بەو هەوڵانە هەیە، کە خاوەنی تەکانی فیکرین، چونکە ڕاستەوخۆ ئەو کاریگەریی لەسەر کەلتوور، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی جێ دەهێڵێت، کە ئەو هەوڵانەیش تەنیا بە بەردەوامی و قووڵبوونەوەی فیکری مەیسەر دەبن